# ماوس لە نێوان -٢-

ماوســـی کۆمپیوتەر بۆ ئەوانەی کار لەســـەر کۆمپیوتەر دەکەن دەزانن چ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، ماوسێکی باش بە دیزاینێکی ســـەرنج ڕاکێش دەتوانێت بەهۆیەوە زیاتر سوود لە کۆمپیوتەر وەربگری. لەسەرەتای دروست بوونی ماوســـەوە هەتا ئێستا کە زیاتر لە 27 ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ گۆڕانکارییەکی زۆر بە کارکرد و ســـتایلی ماوســـدا هاتووە، هەرچەندە بە داهێنانی ماوس توانرا زیاتر سوود لە کۆمپیوتەر وەربگیردرێت و وەك شـــاکلیلی کۆمپیوتەر ســـەیر دەکرێت، بەڵام چەند ساڵێکە بە پەرەسەندنی لاپتۆپ و شاشەی




## ماوسی جۆری multi touch pad mouse

ئەم ماوسە ماوســـێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە، چونکە دوگمەکانی لەسەرەوەن و لەمسین، جگە لە دوگمە ســـەرەکییەکانی خۆی چەندین دوگمەی لەمسیشـــی هەیە و بەهۆیەوە دەکرێـــت زۆر ئەرکی کۆمپیوتەری پێ ئەنجام بدەی،بەتایبەتی بۆ کردنەوەی ماڵپەڕەکان سوودێکی زۆری لێدەبینرێت.



## ماوسی جۆری Smitrix swiftpoint triped mouse



ئەم ماوســـەکە کە دەکرێت پێی بڵێین ماوسی هەمەکارەی قەڵەمی دیزاین و کارکردەکەی ســـەرنج ڕاکێشـــە، چونکە لەیەك کاتدا ماوســـێکی ئاســـاییە و هەروەها تەچ پەدە و قەڵەمێکی دیجیتالیشە.

# کامێرایەک بە کوالیتی ٥١ میگاپیکسل وێنە دەگرێت

پیکسل واتە بچووکترین خانەی پێکهێنەری وێنە لە کامێرای دیجیتالیـــدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، هەتا پیکســـلی کامێرایەك زۆرتر بێـــت وێنە بە قەبارەی مەزنتـــر دەگرێت، بۆ ئاگاداری زۆرتر بوونی پیکسل بەمانای کوالیتی باشی کامێرایەك نایەت چونکە لە پەنا پیکســـل دەبێت فۆکس و زوم و کۆنتراستیش لە ئاستی سەروودابن.

لـــەم ماوەیەدا کۆمپانیـــای pentax نوێترین کامێرای خۆی بەنـــاوی 645Z خســـتەڕوو، ئـــەم کامێرایە بـــە کوالیتی 51 میگاپیکســـل وێنە دەگرێت، شاشـــەیەکی زۆری LCDیشـــی لەسەرە. کامێراکە زیاتر وەك کامێرای فیلم هەڵگرتنەوە سوودی لێدەبینرێت، بە بڕوای پسپۆڕانی بواری وێنەگری ئەم کامێرایە گۆڕانێکی قوڵ لەجیهانی وێنەگرتن و گرافیکدا دێنێتە پێش.

# دیزاین و توانادا

لەمسی دەکرێت بەبێ ماوسیش ئەرکەکان بە ئاسانی ئەنجام بدرێن، بۆیە ئەگەر گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر کارکردی ماوسدا نەیەت هەرچەندە زۆریش هاتووە ماوسیش دەبێتە ئامێرێکی دیجیتالی کە دەچێتە ناو ئەرشیفی دیجیتالییەوە.
لێرەدا هەوڵ دەدەین چەندین ماوسی سەرنج ڕاکێشتان پێ بناسێنین کە کارکردنیان و ستایلیان جیاوازە.



## ماوسی چەماوە یان ماوسی Microsoft arc

ئەم ماوسە بەرهەمی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە، هەروەك لە دیزاینەکەیدا هەست پێدەکرێت، ماوسێکی چەماوەیە، بۆ ئەوانەی کە زۆر لە سەر کۆمپیوتەر دەمێننەوە، ماوسێکی زۆر باشەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شەکەتی و ماندوویی بەکارهێنەرەکەی.

## ماوسی ئەنگوستیلەیی یان wireless finger

ئەم ماوسە لەشێوەی ئەنگوستیلەیەك لە پەنجە دەکرێت، لەیەك کاتدا دەکرێت هەم بەماوس و هەم بە کیبۆرد کار بکەی، واتە پێویست ناکات ماوسەکە دابنێی.

## ماوسی جۆری compact disc is mouse-ish



ئەم ماوسە دیزانەکەی لە گشت ماوسەکانی دیکە جیاوازە، هی کۆمپیوتەری لاپتۆپە، چونکە لەبەریەك دەکرێتەوە و شێوەکەی دەگۆڕدرێت، ئەوکاتەی کە کاری پێدەکرێت شێوەی قوچەکی وەردەگرێت و دوایی ئەوە دەبێتە بازنەیی و قەوارەی بە قەد CD یەکە و بۆ ئەوەی کە شوێن کەمتر بگرێت بەکارهێنەر ماوسەکە دەخاتە شوێنی CD لاپتۆپەکە.




# هارددیسکێک داتاکان لە ئینتەرنێتدا هەڵدەگرێت

کە زانیاری و داتا شەخسییەکان زۆر بوون وەك فیلم و وێنە و دۆکیۆمێنت و..تاد پێویست دەکات هارد یان ئامێری هەڵگرتنی داتاکانیش بەقەد قەوارەی زانیارییەکان بن. هارددیسکی پورتێبڵ بۆ هەڵگرتنی داتا شەخسییەکان سوودێکی زۆری لێدەبیندرێت، هارددیسکەکان قەوارەی و سایزیان جۆراوجۆرن، هەرچەندە هەموویان ئەرکیان هەڵگرتن و راگواستنی داتاکانە، لەم دواییەدا هارددیسکی wireless plus بەرهەم هاتووە لەگەڵ ئەوەیدا توانای هەڵگرتنی 500 گیگا و یەك ترا و دوو ترابایتی هەیە، بەڵام هەر ئەوەندەش نەوەستاوە و توانای ئەوەی هەیە راستەوخۆ زانیارییەکان لە گوگڵ درایڤ کە کۆگایەکی داکردنی داتاکانە لە ئینتەرنێتدا و هەروەها درۆپ بۆکس کە هاوشێوەی ئەوە خەزن بکات و لە هەر شوێنێك کە پێویستت بەو داتایانە بێت و هێڵی ئینتەرنێتت لەبەردەستدابێت وەریبگریەوە. نەك ئەوە گشت زانیارییەکانی سەر هاردەکە بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەت دەتوانی سوودی لێببینی. ئەم هاردە بۆ هەڵگرتن و راگواستنی داتاکان پێویستی بە کێبڵ نییە و بەڵکو خۆی تۆڕی وای-فای تێدایە بەهۆی ئەوەوە دەکرێت بەبێ کێبڵ راستەوخۆ فیلمێك کە لەسەر هاردەکە لە تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان یان کۆمپیوتەر سەیری بکەی.




## چێکردنی کارەکتەر



سێ رەهەندی بە واتا کورتکراوەکەی 3D لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆربەی ئامێرە دیجیتاڵییەکانی گرتۆتەوە، نەك تەنیا ئامێری دیجیتاڵی بەڵکو پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان چێکردنی فیلم و کارەکتەر و دیزاینی 3Dیە. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Allegorithmic Substance Designer کە بۆ چێکردنی تێکستۆر (texture) سوودی لێوەردەگیردرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، کاتێك من لە کۆمپیوتەرێکەوە دەچمە سەر کۆمپیوتەرێکی دیکە، فەیسبووکەکەم ناکرێتەوە و چەندین پرسیار دەکات کە سەرم لێ دەرناچێت، ئایا گرفتێك بۆ فەیسبووکەم هاتۆتە پێش و ئەم پرسیارانە چین؟

خوێنەری بەڕێز تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بۆ پاراستنی ئەمنییەتی بەکارهێنەرەکانی زۆر رێگا دەگرێتە پێش بۆ ئەوەی کە کەسانی دیکە نەتوانن هاکی بکەن. لە ئینتەرنێتدا IP واتە ئەدرەسی ناساندنی وڵات یان سێرڤێرێکی خزمەتگوزاری هەیە، بۆ نموونە کە تۆ یەکەمجار فەیسبووکەکەت لە عێراقدا کردبێتەوە، IP عێراق وەردەگرێت کە چووی بۆ وڵاتێکی دیکە دیارە IP ئینتەرنێتەکە گۆڕاوە و بۆیە گومان دەکات ئەوە یەکێکی دیکە بێت کە بیهەوێ دزە بکاتە ناو فەیسبووکەکەت بۆیە پرسیارگەلی وەك ناوی هاوڕێیەکانت، یان وێنە و کامێنتی هاوڕێیەکانت نیشان دەدا و دەپرسێت ئەم وێنانە هی کام هاوڕێیەتن و زۆر پرسیاری دیکەش.



## سایتی کارەبای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر سایتێکی گرنگی سەبارەت بە چۆنییەتی کارەبا و خزمەتگوزاری گەیاندن بە هاووڵاتیان دامەزراندووە کە ئەمەش ئەدەرسی سایتەکەیە (www.pswla.com). ئەمە بەشێك لە خزمەتگوزاری سایتەکەیە.

1. هاووڵاتیان لە ڕێگای ئەم سایتە دەتوانن لە هەر کاتێکدا پسوولەی کارەبایەن ببینن و زانیاریی تەواو لەسەر کارەبا و خەرجی و وردەکارییەکانی بزانن.

2. ئەو هاووڵاتیانەی کە لە کاتی سەردانی ژمێرکاراندا ئامادە نەبێت دەتوانن وێنەی پێوەرەکەیان بگرن و لەڕێگەری وێب سایتەکەوە بنێرن و کرێی کارەباکەیان بۆ هەژمار دەکرێ هەروەکو ئەوە وایە کە ژمێرکار پێوەرەکەی خوێندبێتەوە.

3. زانیاری لەسەر نرخی کارەبا و پۆلەکانی هاوبەشان و چۆنییەتی کردنەوەی هاوبەش و گۆڕینی پێوەر و زیاد کردنی تەزووی کارەبا و مامەڵەکانی تری پەیوەندیدار.

4. لە ڕێگەی سیستەمەکەوە هاووڵاتی دەتوانێت هەر داواکاریەک یان سکاڵایەک پێشکەش بکات و وەڵامەکەی وەردەگرێتەوە.



## کۆمپیوتەر لە سیستەمی ویندۆزەوە بەرەو سیستەمی ئەندرۆید

سیستەمەکانی کۆمپیوتەر سێ جۆرن، سیستەمی ویندۆز کە زۆربەی خەڵك لە جیهاندا ئەو سیستەمە بەکار دەهێنن و بەرهەمی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە و نوێترین ڤێرژنیشی ویندۆز8ە، سیستەمی دووەم سیستەمی ماکینتۆش کە کورتکراوەکەی پێدەگوترێت ماکە کە بەرهەمی کۆمپانیای ئەپڵە، سیستەمی سێهەمیش سیستەمی لینۆکسە کە سیستەمێکی کۆد کراوەیە، لەم دوایەشدا سیستەمی ئەندرۆید بۆ مۆبایل و تەبلێت هاتە بەرهەم و ئەم سیستەمە تایبەتە بە مۆبایل و تەبلێت، بەڵام هەوڵدراوە سیستەمەکە بهێنرێتە ناو جیهانی کۆمپیوتەریشەوە.

کۆمپانیای AOC دوو کۆمپیوتەری دیسکتۆپی لەم ماوەیەدا لە پێشانگایەکدا خستەڕوو، کە سیستەمی ئەندرۆیدیان لەسەرە، کۆمپیوتەرەکان کە بە کۆمپیوتەری جۆری A2272PW4T و A2472PW4T ناسراون هەروەك بەناوەکەیانرا دیارە شاشەکەیان 22 و 24 ئینجن. شاشەکان تەواو لەمسین. پرۆسیسەرەکەیان لە جۆری ئەنۆدیایە بە خێرایی 1.6 گیگاهێرتز و شوێنی داکردنی داتاکانیان 8 گیگابایتە.

## ـــەری سێ ڕەهەندی

بەهۆیەو دەکرێت یاری سێ ڕەهەندی چێ بکەی. کارکردی پرۆگرامەکە ئەوەندە بەهێزە کە دەکرێت بە ئاسانی وێنەی سێ ڕەهەندی نزیك لە راستی پێ چێ بکرێت. هەروەها پرۆگرامی ناوبراو بە ئاسانی دەتوانرێت لە پرۆگرامەکانی وەك maya, 3dmax, unity engine و پرۆگرامە هاوشێوەکانیان راستەوخۆ سوودی لێببینرێ.

